# گەنج لەقۆناخی نوێدا

ستارە عارف

بێگومان ئەمڕۆ گەلی کورد بەپێواژۆیەکی زۆر جیاواز لەجاران دەربازدەبێت، هەرچەندە کە سیستەمی سەرمایەداری رووی لەم وڵاتە کردووە وەك گۆڕەپانێك بۆ کایە سیاسی و ئابوورییەکان خۆی بەکار دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەش بەمەبەستی چەسپاندنی سیستەمی سەرمایەداری خۆی زیاتر پاڵ پێوەدەنێ هەتا بتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە، لەبارەی ئابوورییەوە رۆژانە ژمارەی ئەو کۆمپانیاو رێکخراوە بیانیانە لەزیادبوون دایە و تارادەیەکی باش سنووری ئابووری والایە و شکێنراوە بەڵام بەهۆکاری نەبوونی ئاسایشی تەواو چالاکی و پرۆژە ئابوورییەکان زۆر بەسستی بەڕێوەدەچێت سیاسەتێکی راستگۆیانەو دروست لەم رووەوە پیشانی خەڵك نادرێت واتا سەرەڕای دانانی بەردی بناخەی پرۆژەکان و بڕی ئەو کۆمەکانەی کە لەلایەنە جیاجیاکانەوە بە ئێراق دەگات. بەڵام چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان تەواوو دیار نییە، هەروەها پلانی رۆژئاوا لە ئەمڕۆی ئێراقدا لەڕووی سیاسییەوە تەواو پێچەوانەی ئەوان دەرچوو بەتایبەتی لەدوای هەڵبژاردنەوە واتا ئەو سیستەمەی کە ئەمڕۆ لە ئێراق و کوردستاندا دادەمەزرێت پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی گەلی ئێراق دووردەخاتەوەو رەهەندە ئایینی و بنەماڵەییەکان شوێنی دەگرێتەوە ئەمە لەکاتێکدا لەکوردستاندا سیستەمی سیاسی تەواو پاشکۆی ئەو سیاسەتەیە کە رۆژانە هاوپەیمانان پیلانی بۆ دادەڕێژن واتا هێشتا لەئاستی پتەوی خۆ بەڕێوەبردن و تواناداا نین، لەبەر ئەمە ئەمڕۆ دەروازەی باشووری کوردستان نەك هەر تەواو والایە، بەڵکو شێوەیەکی لەکۆزمۆپۆلەتیکی دروستکردووە کە بێگومان ئەوانە هەمموو کێشەنە بۆ خەڵك، چونکە ئێمە خاوەن ئابوورییەکی داڕوخاوین و هێشتا ئەم لایەنە پەرەی پێ نەدراوە کە بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بەڕێوەبچێت، واتە هەرچەندە رادەی بوژانەوەی ئابووری کاریگەری لەگەڵ کردبێت بەڵام گرانی بازاڕ بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی نارەزایی لای خەڵك دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرزبوونەوەی سووتەمەنیش یەکێك بوو لەو سیاسەتانەی سیستەمی سەرمایەداری لەسەر ئێراق بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیانەی لەتەرازووی ئابووری ئێراق دا هەیە هەروەها لەدوا لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە کە کە تا ئێستا 2 ملیۆن خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت لەشارەکانی ئێراقدا هەیە، مانەوەی لایەنی ئابووری ئێراق داڕوخاوی هۆکارەکەی بۆ پاشکۆیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە دەگەڕێتەوە، هەروەها نەبوونی لایەنی هۆشیاری و هۆشمەندیی هەمەلایەنە لەناو کۆمەڵگادا ئەمەش هۆیەکە لایەنە سیاسییەکانی کورد خۆیان لەسەر هێشتۆتەوە ئەوەی ئەمڕۆ لەپێکهاتەی گەلدا بەدی دەکرێت، داماڵینی خەڵکە بەتایبەتی گەنج و ژن لەهەموو بەهایەکی هۆشیاری سیاسی و فکری و زهنیەوە، هەر وەك ئەو مەلەوانەی کە بۆخۆ رزگارکردن لەنقوم بوون پەنا بۆ چلە پوشێك دەبات، بەتەواوەتی ئاوێتەی رەوشەکە بوون کە لەگەڵ خۆیدا دەیبات و بێ پیلان و ئامانج رۆژانە بەڕێوەدەچن، ئەمەشیان واتا ئەو چینەی لەناو کۆمەڵدا دروست بووە لایەنێکی سەرەکی کۆمەڵن واتە لاوان کە بەرنامەو پڕۆژە لەژیاندا نیە هیچ پرەنسیپ و رێبازێکی سیاسی و نەتەوەیی فیکری و دیموکراسیانە نایانگرێتەوە و پەروەردە ناکرێت لەبەر ئەوە لەو دەوروبەرە ئەو ژینگەیە پێکهاتەی کەسایەتیان وەردەگرن کە پلان و بەرنامەکانی رۆژانەو کاتین، بۆیە چینێکی گەنجی سەرەڕۆ و ناهۆشیارێك هاتووە، ئەمە وایکردوە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا هەمان هاوکێشەبوونی هەیە واتا هەر چەندە گەنجەکان خوێندکاری زانکۆبن یان کرێکار یان هتد.. لەڕووی هزرییەوە یەکتر تەواو دەکەن خوێندکارانیش تا ئاستێکی زۆر نەخوێنەوارن ئیدی بەهۆکاری بێتوانایی لایەنی سیاسی وکۆمەڵایەتی سیستەم و مەنهەجی خوێندن، هەربۆیە دەبینین پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵ واهای لێهاتووە ئەو واقعەی کە تیایدا دەژی بەناچاری پەسەندی بکات و لەناو چەواشەکارییەکانی نقوم بێت و ببێتە هۆی لەبیرچوونەوەی ئەو ئاراستەی کە دژ بەخەونەکانی رادەوەستێ لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا هێزی رۆشنبیرو هەڵوێست لەلاوازی دایە لەبەر ئەوەشە کە زۆرینەی گەنجەکان روودەکەنە بوارە ناهەموارەکانی ژیان وەك خەریك بوون بەدیاردەکانی کۆچبەری یان توانەوە لەبۆتەی ئەو کولتوورە کۆمەڵایەتییەدا کە محافەزەکارانە دەمێنێتەوە و خۆی لەدیاردە دەرەکییەکان دەپارێزێت، دەرئەنجام دووبارەی ئەو نەریتە بەدەست دەهێننەوە یان ئەو دیاردە ناپەسەندانەی کە لەم سالانەی دواییدا زیاد کردوو وەك کاری تیرۆریستی و لەشفرۆشی واتا خوێندن و ئەو نیمچە سەربەستیەی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا بوونی هەیە نابنە وەڵام لەبەرامبەر پێویستییەکانی لاوان و ژنان بە تایبەتی بواری خوێندن بەو واتایەی کە کۆنەو مەنهەجێکی سواو

دووبارەو کلاسیکە هەروەها بەشێکی تری کۆمەڵ ئەو چینەن کە بەهۆی چەندین ساڵ کپ بوونی داخوازی و بەرژەوەندییەکایانەوە ئیدی بە هۆکاری سیاسی و کەم دەرامەتی و کۆمەڵایەتییەوە ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخساوە کە لە سەرەتایترین مافیشیان بەرجەستە بکەن، لەبەر ئەوە دەرفەت ئەمڕۆیە بۆیان هەرچەندە کە بەماف خۆیان دەبینن و کۆسپی بەڕێوچوونی کاروباریان لەناو دەزگا فەرمییەکانیان و ژینگەی ئافرێنراو ئەو زەمینەیە بۆ ئەو چینە دروست دەکات، کە بەئاسانی مەرجەکانی هێزی دەسەڵات قبوڵ بکەن، واتا هۆکارەکان پێش ئەوەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بن بەپلەی یەکەم فاکتەری رامیاری بێ گومان هاوکێشەی سیاسیش تێکشێوێنراو بێ ئیرادەی هێزی سیاسی لەکوردستاندا لەلاوازی ژێرخانی ئابوورییەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەتا ئێستا ئابووری کوردستان و ئێراق وابەستەیە، بەداخەوە دووبارەبوونەوەی هەموو ئەو رەوشانە لەکوردستاندا وەك دەسکەوتێکی سەپێنراو لەبونیادی لاواندا وەك راستییەکی بێ کۆتایی ناسێنراو، هەروها لەکەسایەتی ژنیشدا هەمان رەنگدانەوەی دروستکردووە، ئیدی تا ئەو رادەییە کە ژنان لەهەموو لایەنێکەوە چاوەڕێی یارمەتی لەپیاوان دەکەن کارو بارەکانیان بۆ بەڕێوەبەرن، ئیدی تەواوی کاتی خۆیان بەلایەنە لاوەکی و ماددییەکانەوە بەفیڕۆ دەدەن، واتا رەنگدانەوەی سیاسەتی تەقلیدی و وابستە کە بێ خواست و ئیرادەی گەل و کەسانی رۆشنبیر بەهەڵوێست بەڕێوە دەچێ لەکەسایەتی ژنان و لاواندا بەرجەستە دەبێت، کەبێ شك ئەمەش ترسناکە لەسەر داهاتووی کۆمەڵ چارەسەری ئەم بابەتە بەچالاکییە رۆشنبیری و مەدەنییەکان دەبێت کە ژنان و رۆشنبیران دەتوانن لەم قۆناخەدا رۆڵی ئاکتیف بگێڕن هەروەك سەردەمی رێنسانس لەئەوروپا، کە چالاکترین کەسانی ئەو بوارە بەتایبەتی رۆناکبیران هونەرمەندانی وەك لیۆناردۆ داڤینشی کەناویان لێنابوو (بازنەی زانیاری) لەبەریتانیا هەر لەبەر ئەوەیە هێزە ئۆپۆزسیۆن و مەدەنی و ژنانی و رۆشنبیرەکان لەم پێواژۆیەی بەچالاکی دیموکراتیانە دەتوانن ببنە پاڵپشتی یەکتر و کۆمەڵ لەم گێژاوەی تیایدایە وەرچەرخێنن هەر بۆیە دەڵێم بۆ ئەوەی خاوەن هەڵوێستی راست و ئیرادەی مەدەنیانە بین، پێویستە هونەری سیاسەتی راستەقینە باش بخوێنینەوە.